# کەمتەرخەمی کردن لە کاتی دیاری کراوی دەوامکردندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

شێخ عبد الكريم الخضير

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی

ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الإخلال بمواعيد العمل ﴾

« باللغة الكردية »

معالي الشيخ عبد الكريم الخضير

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## کەمتەرخەمی کردن لە کاتی دیاری کراوی دەوامکردندا

**پرسیار :** من فەرمانبەرێکم و گواسراومەتەوە بۆ یەڕێوەبەرایەتیەکی تر، بەڵام تێبینی دەکەم کە سەرجەم فەرمانبەرەکانی تر ئامادەی دەوام وکارەکانیان نابن دوای کاتژمێر نۆ نەبێت، ئایا منیش وەك ئەوان بکەم ؟

**وەڵام :** کاری فەرمی وفەرمانبەرێتی کە مرۆڤ مانگانە و کرێ لەسەر وەردەگرێت لە بەرامبەر ئەو کاتە دیاری کراوەدایە کە دیاری کراوە لەو کاتژمێرەوە بۆ ئەو کاتژمێر دەبێت پابەند بێت پێوەی، بۆیە ودروست نییە کەمتەرخەمی تێدا بکات و کارەکەی بەجێ بهێڵێت لەبەر کارێکی پێویست و زەروری نەبێت کە نەتوانێت ئامادە بێت، بەڵام لەکاتێکدا کە مرۆڤ لەدەستی خۆیدا بێت ئەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە کارەکەی بەجێ بهێڵێت، وە لە بەرامبەر هەر کەمتەرخەمی یان جێهێشتنی کارەکەیدا دەبێت لە مووچەکەی ببڕرێت چونکە حەرام بۆی ئەگەر وەری بگرێت، جا ئەگەر دەوامکردن لە کاتژمێر حەوت ونیوە وە دەستی پی دەکرد و هاوەڵەکانی کاتژمێر

نۆ ئامادەی سەرکارەکانیان دەبوون، دەبێت ئەو هەوڵی خۆی بدات کە زۆر دڵسۆز بێت لە کار وفەرمانبەرێتیەکەیدا و سەیری هاوەڵەکانی نەکات کە کەمتەرخەمی دەکەن، وە لەهەمان کاتدا دەبێت ئامۆژگاری و نەصیحەتی هاوەڵ وبرادەرەکانیشی بکات کە ذیمەتی خۆیان بەری بکەن لەبەجێهێنانی واجبەکانیاندا و بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی نەنوێنن، جا ئەگەر بەگوێیان کرد ئەوە باشە وە ئەگەر بەگوێشیان نەکرد دەبێت سەروو خۆی لێ ئاگادار بکاتەوە تاوەکو ناچاریان بکات بەوەی لەکاتی خۆیدا دەوامی خۆیان بکەن، چونکە هەندێك کەس هەیە بە ئامۆژگاری کردن ڕاست دەبنەوە وئامۆژگاری کاریان تێ دەکات وپابەندی بەجێهێنانی فەرمانەکانیان دەبن، وە هەندێك کەسیش هەیە لەسەرەتاوە هەوڵی خۆی ئەدات کەهیچ مافێك لە ذیمەتی خۆیدا نەهێڵێت، بەڵام هەندێکی کەسی تر هەیە پێویست دەکات بەوەی ناچار بکرێت کە پابەندی واجب و کارەکانی ببێت یان کەسێکی سەروو خۆی ناچاری بکات ...

خوای گەورەش لەهەموو کەس زانا و شارەزا ترە ...

سەرچاوە : لەبەرنامەی (نور علی الدرب) زنجیرەی پێنجەم لە بەرواری ٤ / ٩ / ١٤٣١ کۆچی .